مەسرور بارزانی پێشوازی کرد لە باییزی نوێی بەلجیکا لە عێراق و ئوردن

ئەمە چوارشەممە،مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە سەرج دیکشن باییزی نوێی بەلجیکا لە عێراق و ئوردن کرد. نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕاگەیێندراوەکدا راگەیاند" لە دیدارەکدا سەرۆکی حکومەت پیرۆزبایی لە باییز کرد بە بۆنەی دەستبەکاربوونی و هیوای سەرکەوتنی لە ئەرکەکەیدا بە خواست. هەر لە دیدارەکدا دوایین پێشهات و پەرەسەندنەکانی عێراق و ناوچەکە و گرنگیی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ لەسەر بنەمای دەستوور و پەرەپێدانی پێیوەندییەکانی بەلجیکا و هەرێمی کوردستان تاوتوێ کران، بەتایبەتی لە بواری ئاوگەی بازرگانی. تەوەرێکی دیکەی گفتوگۆکان، تایبەت بوو بە پێویستیی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی شنگال و ئاساییکردنەوەی دەخی دەڤەرەکە و گەڕانەوەی ئاوارەکان بە شوێنەکانیان.